حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

ژمارە:
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٤ ی زایینی
/ / ٢٧٢٣ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

پاڵپشت بە حوکمەکانی (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو و کۆنووسی دووەمی کۆبوونەوەی لیژنەی برگەکان بۆ پاشکۆی کۆبوونەوەی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی (ئەنجومەنی وەزارەت)، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٤)

**ڕێنمایی هەمواری حەوتەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**

**ڕێنمایی هەمواری پێنجەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**

**ڕێنمایی هەمواری چوارەمی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**

**ڕێنمایی هەمواری شەشەمی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**

**ڕێنمایی هەمواری هەشتەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی دووەم/برگەی دووەم/خاڵی ٢ و ٣) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی٣/أ) لە ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٣) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(تەنها قوتابیان/خوێندکارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە بەشەکانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، ڕێگەیان پێ دەدرێت بە بێ مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی تاوتوێی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا ئەنجام بدەن، بەڵام لە لایەن زانکۆکان بڕوانامەیان پێ نابەخشرێت تاوەکو ناوبراوان مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار دەستەبەر دەکەن).

**ماددەی (٢):** کار بە هیچ ڕێنماییەک یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت.

**ماددەی (٣):** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە بەشەکانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و بە مەبەستی ئاسانکاری لە پرۆسەی خوێندنی باڵا لە بەشەکانی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

**د. ئارام محمد قادر**
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**<u>وێنەیەک بۆ:-</u>**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی/ لەگەل ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕیە پزیشکییەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/نووسیگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی خوێندنی باڵا/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە/خولاو .